# نیگایەک بێرەدا ڕەتبوو



سەلام عومەر

نیگایەک بێرەدا ڕەتبوو
هەر لە ناسکی تۆی دەکرد
ڕەتبووم بەناو ناسکیتدا
هەناسەکان...
سەرنجە پڕ لە ماناکان
هێلانەیان...
بۆ نیگاکانمان چێدەکرد
***
لێرەدابوو
ئا لەو جێژووانە پڕ شەرمەی
بەڵێنەکانی لێماوە
هێشتا دەنگدانەوەی چرپەی
وشەکانتی لێجێماوە
ناوی ناوەوەمت ناسی
ئایبندەو جێگەی خۆت دامێ
لێرەدا بوو...
لە ژووانی ناو شاشەدا بوو
نیگایەکی خۆشەویستی و
هەناسێکی پڕ سۆت دامێ

هێشتا لەوێ
لەوێی بێ تۆ و من و چرپە
سێبەری گەڵاکان ماون
بۆنی هەناسەی بارگاوی
بەترسی بەڤایرۆس بوون و
ونبوونی ژمارەی ئەدرەس و
سووتانی کارتەکان ماون
لەوێ هێشتا...
تابلۆی گیا داچەمیوەکان
ئەوانەی لەژێر تۆدا بوون
هێشتاکە هەر...
وەک تۆ خەوتوون ...
وەک تۆ وێڵ و
وەک منیش چاوەڕێی بارانن
تا بۆنی هەناسەتی لێبێ...
هەر هیچ نەبێ...
تامی چرپەو
سرتە کراسەکەتی لێبێ..

***

نیگایەک بیرەدا رەتبوو...
هەر لە ناسکی تۆی دەکرد،
ئاخر بەناسکیتدا هاتم
بۆیە هەردووکمان لێک ونین،
ون لەنیگا...
ون لەو سایتەی
نیگاو ساتی ڤایرۆس کردین
تانە نامەو...
نە ئیمێڵەکانمان پێک بگا...
تەنها نیگایەک بیرەدا...
بەناو سایتەکەما رەتبوو.

